گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری تیۆرەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ڕێکخستنی یاسایی ڕۆژنامەگەریی

## (توێژینەوەیەکی تیۆرییە)

**ساکار ڕۆستەم حسین**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

sakarrostam1@gmail.com

**پ.ی. د.سامان جەلال مولود**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

dr.samanjalal@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٤/١/٨

پەسەندکردن:٢٠٢٤/٢/٢٥

بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*Impact, Media theories, press regulation, media law, lagal regulation.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.16

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمی و زانستییە، بۆ لێتوێژینەوە و خستنەرووی کاریگەریی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی ڕێکخستنی میدیا لە ژێر ناونیشانی " کاریگەری تیۆرەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ڕێکخستنی یاسایی ڕۆژنامەگەریی" .

توێژینەوەیەکی تیۆرییە پەیوەستە بە ڕێکارەکانی ڕێکخستنی میدیا لە چوارچێوەی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی سیستەمی سیاسین.

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەرووی فۆرم و ڕێکارەکانی ڕێکخستنی میدیاییە بە گوێرەی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن کە چۆن هەر یەك لە تیۆرەکان کاریگەریی و ڕۆڵیان هەیە لە ئاراستەکردن و هەڵبژاردنی شێواز و ڕێکارەکانی ڕێکخستنی یاسایی میدیا لەلایەن دەسەڵات و حکوومەتەکانەوە بە گوێرەی جیاوازیی سیستەمی سیاسی پەیرەوکراو لە وڵاتەکە.

گرینگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە بریتییە لە؛ تیۆرەکانی ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆیان هەیە بە ڕێکخستنی یاسایی میدیا لە کۆمەڵگەکان،

هەروەها پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە ڕادەی کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن سیاسیەکان و دەوڵەت و حکومەتەکان. تایبەتمەندی ئەو تیۆرانە لە یاسادانانی ڕۆژنامەگەریی ڕەنگدەداتەوە.

## پێشەکی:

فۆرم و ڕێکارەکانی ڕێکخستنی میدیا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە بەگوێرەی جیاوازی سیستەمی سیاسی و تیۆرەکانی ڕاگەیاندن، بەشێك لە سیاسیەکان و تەنانەت هەندێك توێژەرەکانی بواری ڕاگەیاندن پێیانوایە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پەیوەستە بە فەلسەفەی دەوڵەت، پێویستە کارو چالاکیەکان و پەیامەکانی لە چوارچێوەی ڕێکخستنە ئایدۆلۆژییە نیشتمانییەکان بێت و لە ژێر چاودێری دەوڵەت بێت لە هەر شوێنێکی جیهان .

جۆرەکانی ڕێکخستنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیا بە پلە یەك پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیای سیاسی و فەلسەفەی سیاسی حکوومەتەکان و دەوڵەت هەیە، بە جۆرێك ڕێکخستنی میدیا بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەستە بەو حکوومەتەی کە لە سایەوە کارو پیشەی ڕۆژنامەوانی دەکرێت بە شێوەیەك کە میدیا ڕەنگدانەوەی سیاسەتی حکوومەتەکانن و پاڵپشتی فەلسەفەی  حکوومەتەکان دەکەن. کەواتا بە گوێرەی هەر تیۆرێك لە تیۆرەکانی ڕاگەیاندن لە هەر سیستەمێکی حکومرانی ڕێکخستن بۆ میدیا کراوە لە رووی ناوەرۆك و پەیام و سنووری بڵاوکراوەکانیان. لە ڕوانگە و دیدی ئەو تیۆرانەشەوە فۆرم و ڕێکارەکانی ڕێکخستنی میدیا دیاریکراون و هەروەها ڕێسا و یاسای تایبەت بە ڕاگەیاندن لەلایەن هەر دەوڵەتێك دانراوە و بەرکارکراوە بە مەبەستی ڕێکخستنی میدیا.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەیە کە بریتییە لە کێشەی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوەو ئامانجەکانی توێژینەوە.

بەشی دووەم: لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە؛ تەوەرەی یەکەم: دەروازەیەک بۆ تیۆرەکانی ڕاگەیاندن. تەوەرەی دووەم: کاریگەریی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی یاسادانانی ڕاگەیاندن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە:

### کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە روونکردنەوەی کاریگەریی تیۆرەکانی راگەیاندن لەسەر یاسای رێکخستنی بواری میدیا، کە لە چەند پرسیارێکی گرنگ سەرهەڵدەدات ئەوانیش ئەمانەن:

1. ئایا فەلسەفە و تایبەتمەندی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن چین و چۆن لە چوارچێوەی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن دەسەڵات و حکومەتەکان هەژموونی خۆیان خستۆتە سەر میدیا و ناوەرۆکی پەیامەکانیان؟
2. ئایا لە چوارچێوەی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن دەسەڵات و حکومەتەکان پانتایەکی فراوانی ئازادیان بە میدیا داوە، یاخود سانسۆریان کردوون بەو ڕێسا و یاساییانەی کە بەرکارن لە بواری میدیا؟

### گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی لە چەند لایەن و بوارێکدا هەیە، یەکێك لە گرنگییەکانی توێژینەوەکە لە هەڵبژاردنی خودی بابەتەکەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە فۆرمەکانی رێکخستنی میدیا لە چوارچێوەی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن بوارێکی هەستیار و گرنگە توێژینەوەش لە بوارێکی وادا بێگومان گرنگی خۆی هەیە.

لەلایەکیتر توێژەر هەوڵیداوە تیشك بخاتە سەر فۆرم و شێوازەکانی رێکخستنی میدیا و خستنەرووی کاریگەریی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن بەسەر پرۆسەی رێکخستنی یاسایی رۆژنامەگەریی بۆ تێگەیشتن و دروستبوونی وێنایەکی تەواو لەسەر هۆکاری ئەو جیاوازیانەی کە بوونیان هەیە لە ڕێکارەکانی رێکخستنی میدیا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر بە گوێرەی سیستەمی سیاسی پەیڕەوکراو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئامانجی توێژینەوە:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەدات:

1. خستنەرووی فەلسەفە و تایبەتمەندی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکارەکانی ڕێکخستنی یاسایی ڕۆژنامەگەریی لەلایەن دەسەڵات و حکومەتەکان لە چوارچێوەی تیۆرەکان.
2. خستنەروو و دەستنیشانکردنی کاریگەریی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن لەسەر پرۆسەی یاسادانانی بواری ڕاگەیاندن و دیارکردنی مەودای ئازادی و سانسۆرکردنی میدیا لەو چوارچێوەیە.

**جۆرو میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەیەکی وەسفی دادەنرێت کە توێژەر بۆ خستنەرووی بابەتەکە پشت بە میتۆدی شیکردنەوە یان ڕاڤەکردن (المنهج التحليلي)(Analytical Method) ، دەبەستێت بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی لایەنە تیۆرییەکانی پەیوەندیدار بە تیۆرەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەرییان لە پرۆسەی ڕێکخستنی ڕۆژنامەگەریی لە چوارچێوەی یاسا .

**چەمکەکانی توێژینەوە:**

**-کاریگەریی (Impact) :**

چەمکی کاریگەریی (Impact) بە گوێرەی پێناسەی کۆمسیۆنی ئەوروپی بریتیە لە هەموو ئەو گۆرانکاریانەی کە چاوەروان دەکرێت بە هۆی جێبەجێکردن و بەکارهێنانی بژاردەکان ڕوودەن، ئەو کاریگەریانە لەوانەیە لە کاتە جیاوازەکان ڕوودەن، هەروەها کاریگەریی ئاماژەیە بۆ ئەو گۆرانکاریانەی کە پەیوەندییان بە دەستێوەردانێکی تایبەتەوە هەیە کە ڕوودەدەن، کاریگەریی هەندێکجار بە مەبەستن یان بێ مەبەستن، ڕاستەوخۆن یان ناڕاستەوخۆ، ئەرینی یان نەرینین، درێژخایەن یان کورتخایەنن(The European Commission, 2020) .

**٢ -تیۆرەکانی ڕاگەیاندنە–النظريات الاعلامية (Media theories):**

تیۆرەکانی ڕاگەیاندن پێیان دەوترێت تیۆرە پێوەریەکان، ئەو تیۆرانەن کە وەسفی شێوازێکی نموونەیی بۆ سیستەمی ڕاگەیاندن دەکەن لە ڕێگەی دیاریکردنی سیاسەتی ڕاگەیاندن و شێوازی جێبەجێکردنی کارەکانیان(Baran, S.J. and Davis, D.K, 2003:93) .

**٣.رێکخستنی رۆژنامەگەریی - التنظيم الصحافة (Press Regulation)**

ڕێکخستنی ڕۆژنامەگەریی بریتیە "لە دانانی کۆمەلێك ڕێنمایی و ڕێسا لەلایەن حکوومەتەکان و شارەزایانی بواری میدیا کە ڕێنمایی ئاراستەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەن لە پێناو ڕێکخستنیان". ڕێکخستنی میدیا بریتیە لە دامەزراندنی بنەمایەکی فەرمی بۆ چەندایەتی و کوالێتی و جۆری ئەو پەیامانەی کە دەتوانن یان داواکراوە لە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بڵاوبکرێتەوە( Schejter,A. & S.Han, , 2011:243-253 ) .

**٤.رێکخستنی یاسایی رۆژنامەگەریی- التنظيم القانوني للصحافة (lagal regulation of press):**

بریتییە لە بنەمای یاسایی کە کۆمەلێك کۆنترۆلی گشتین بۆ دیاریکردنی ڕەفتار و پەیوەندی تاکەکان لە بواری میدیا، کە دەقە دەستورییەکان، یاسای چاپەمەنی و میدیا، یاسای سزادان، یاساکانی سەندیکا و بەڵگەنامەی ئەخلاقی پیشەیی لەخۆدەگرێت. (ليلى عبد المجيد، 2005 :81).

## بەشی دووەم:

### تەوەرەی یەکەم: دەروازەیەک بۆ تیۆرەکانی ڕاگەیاندن

ڕێکخستنی یاسایی بۆ سیستەمی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە رووی مۆڵەتدان و سانسۆر و خاوەندارێتی و دەستێوەردانی دەوڵەت لەکاروبارو و پەیامەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گەشەی سەند لە ڕێگەی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن ( بشـــرى مداسي،2011: 24). تیۆرەکانی ڕاگەیاندن لە دوو ئاستدا پەیوەندییان بە ریفۆرم و ڕێکخستنی میدیا هەیە، ئەوانیش: ئاستی یەکەم ئەوەیە کە رووماڵکردنی میدیایی بۆ رووداوەکان لە زۆربەی وڵاتان بە گوێرەی ئایدۆلۆژیایی سیاسیەوە ڕێنمایی دەکرێن واتا بە گوێرەی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن و هزری سیاسی؛ ئاستی دووەم دەربارەی لێکۆڵینەوەکانی پێشووە کە

دەریانخستووە کە سیاسەتی میدیا لە ئایدۆلۆژیایی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەیان گرتووە. (Ogbebor, Binakuromo, 2020:5)، هەروەها ئەو تیۆرانەی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ لە ناوەڕۆك و کرۆکی کار و پیشەی ڕۆژنامەوانی ڕەنگیانداوەتەوە و تا ڕادەیەك بیرۆکەی ئەو تیۆرانە زاڵە بەسەر بنادتنانی میدیا بە شێوەیەکی گشتی هەر لە شێوازی دەرکردن و پێدانی مۆلەت تا شێوازی ئامادەکردنی پەیامە بڵاوکراوەکانی هەر دەزگایەکی میدیایی. زۆرێك لە ئارگیومێنتەکانی دیبەتی چاکسازی و ڕێکخستنی میدیا لەسەر بنەمای تیۆرە نۆرماتیڤەکانی ڕاگەیاندنە، چونکە گفتۆگۆ لەبارەی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن و بنەما ستانداردەکانی پیشەی ڕاگەیاندن پەیوەندی بە چۆنیەتی دانانی یاسا و ڕێسا و ستراتیژیەتی میدیا هەیە کە چۆن ڕەفتار بکات بۆ ئەوەی سوودی بۆ تاك و کۆمەڵگە هەبێت .( McQuail, D, 2010:14).

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کۆمەلێك تیۆری جیاواز لە بواری ڕاگەیاندن سەریانهەڵدا کە هۆکاربوون بۆ ڕێکخستنی میدیا لەلایەك و هەروەها ڕێکخستنی پەیوەندی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە کۆمەڵگاوە. گرنگترین توێژینەوەش لەو بوارە کە بە بنجینەی ئەو تیۆرانە دادەنرێت توێژینەوەی ڕاگەیاندنکارانی ئەمریکی (سبیرت، شرام و بترسۆن) بوو لە ساڵی 1956ز "سبیرت و هاوکارانی چوار بنەمای سەرەکی ڕێکخستنی میدیا دیاردەکەن کە تیۆری دەسەڵات، تیۆری ئازادی، تیۆری بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی و تیۆری سۆڤیەتی-تۆتالیتاری". (Alexander G. Flor, 2007:33) ئەو توێژینەوە دواتر لە لایەن شارەزایان و توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن گرنگی زۆری پێدرا و کاریگەری زۆری بەسەر توێژنەوەکانی دواتر لە بواری تیۆرەکانی ڕاگەیاندن هەبووە و وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگی توێژینەوەکانیتر دادەنرێت.

## یەکەم: تیۆری دەسەڵات (نظرية السلطة – Authoritarian theory)

بە یەکێك لە کۆنترین تیۆرەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت، کە لە سەدەی شازدە و حەڤدە لە ئینگلتەرا سەریهەڵداوە (مهدي زعموم، 2019: 9). ئەم تیۆرە پشت دەبەستێت بە تیۆرەکانی ئەفلاتۆن و میکاڤیلی. ئەو تیۆرە پاڵپشتی سیاسەتی دەسەڵاتداران دەکات، سەرەتای سەرهەڵدانی و پەرەپێدانی لە ئینگلتەرا بووە (جمال قوعيش ، 2014: 75). سەرچاوەی ئەو تیۆرە لە دەسەلاتی باڵاوە خۆی دەبینێتەوە بەو مەبەستەی کە هەموو دەسەڵات و بڕیارەکان بەدەستی حکوومەت و دەسەڵاتەوەیە،

ئەم تیۆرە بەو جۆرە لە خەڵك و جەماوەری ئاسایی دەڕوانێت کە توانای ئەوەیان نییە خۆیان بەڕێوەببەن و دەسەڵاتیان بەدەستەوە بێت. لە ڕوانگەی ئەو تیۆرەوە ڕاگەیاندن ئامرازێکە بە دەستی دەسەڵاتەوە و دەبێت لە خزمەت بەرژەوەندی باڵای دەسەڵات و لە پێناو بەدیهێنانی سیاسەتی حکوومەت بێت ( فتحية الخير، 2016: 506). بەواتایەکیتر هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن حکوومەت و دەسەڵاتەوە خاوەنداریدەکرێت کە کار دەکەن لەسەر سانسۆر کردنی پەیامەکانی میدیا و چاودێریکردنی ووردی ناوەرۆکی پەیامەکان، ئەو کەسانەی لە بواری میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کار دەکەن لە ژێر دەسەڵات و چاودێری حکوومەت دەبن و پابەند دەکرێن بە مەرجەکانی دەسەڵات (عبد الرحمان عزي، ٢٠١٠: ٧٨). تیۆری دەسەڵات بە سەرچاوەی کۆنترۆڵ کردنێکی توندی ناوەرۆکی پەیامی میدیایی دادەنرێت لەلایەن دەوڵەتەوە و نەبوونی ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕێگە نەدان بە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی دەوڵەت و ڕێگە بە ڕۆژنامەگەری نادرێت بە بڵاوکردنەوەی هیچ بابەتێك بەبێ ڕەزامەندی دەسەڵاتی حکوومرانی کە ڕەزامەندیەك دەدات پێدەوترێت "ڕێگەپێدانی پێشوەختە، مۆڵەت" ( محمود عياد، 2020: 29)، دەتوانرێت بوترێت کە تیۆری دەسەڵات لەسەر یەك بنەما دامەزراوە و کار دەکات ئەویش دەسەڵاتی ڕەها بەدەست دەسەڵاتدارانەوەیە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەرکیان پێشخستنی کارنامەی دەسەڵاتە (صالحي عبدالرحمن، 2020: 343). بۆیە لەو وواڵاتانەی کەوا ئەو جۆرە تیۆرە بۆتە سیاسەتی حوکم و کارپێدەکرێت ئەوا ڕەنگدانەوەی دەبێت لە پرۆسەی یاسادانان و دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایەکان لەسەر بنەمای ئەو تیۆرە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژنامەگەری لەهەموو بوار و لایەنێکەوە وەك پیشەی ڕۆژنامەگەری و ڕێکخستنی کاروباری سەندیکای ڕۆژنامەگەری. سیستەمی ڕێکخستنی میدیا لە چوارچێوەی ئەو تیۆرە جگە لە سنووردارکردنی دادگای تایبەت و دانانی باج، دوو تایبەتمەندیتری هەیە ئەوانیش ( عبد النبي عبدلله الطيب، 14:2014):

مۆڵەت: کە بەئیمتیازێکی فەرمانڕەوا دادەنرێت، و کارکردن بەپێی مەرجی پشتگیریکردنی سیاسەتەکانی حکومەتە.

سانسۆر: بەمانای بەدواداچوون بۆ چالاکییەکانی ڕۆژنامەگەری و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتە لەلایەن دەسەڵاتی حاکمەوە لە ئەگەری سەرپێچیکردن و لادان لە سیاسەتی دەسەڵات .

لەووەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بیرۆکەی سەرەکی ئەو تیۆرە خۆی لە چەند بنەمایەکی گرنگ دەبینێتەوە کە بوونەتە بنەمایی پیادەکردنی پیشە و کاری ڕۆژنامەوانی و بنیادنانی پەیامی میدیاکان و ڕێکخستنی میدیا لە رووی ناوەڕۆك و پەیام، کە ئەوانیش بریتین لە ( كمال الحاج، 2020: 185):

1. پێویستە لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەو ئاراستەیە کار بکەن کە نابێتە هۆی لەکەدارکردنی پایەکانی دەسەڵات و تێکدانی سیستەمی فەرمانرەوایی.
2. هێرشکردن لەسەر دەسەڵات رێگە پێراو نییە و لادان لە سیاسەتی فەرمی بە پێشێلکاری ئەخلاقی دادەنێت و جێ بەجێکارانی رووبەرووی سزا دەکرێنەوە.
3. پێویستە ئامرازەکانی راگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە لە ژێر کۆنترۆلی دەسەڵاتی فەرمانرەوایی بن .

**دووەم: تیۆری ئازادی ڕۆژنامەوانی( نظرية الحرية-libertarian theory)**

لەو تیۆرەدا تاك چەقی ناوەڕاستی کاری ڕۆژنامەوانیە بۆیە ئەو تیۆرە پانتاییەکی ئازادیی تەواو دەدات بە کاروباری ڕۆژنامەوانی و هیچ بەربەستێك و سنورێك دانانێت بۆ بواری ڕۆژنامەوانی. تیۆری ئازادی بە یەکێك لە تیۆرە نۆرماتیڤەکانی چاپەمەنی دادەنرێت کە سەرچاوەی سەرهەڵدانی دەگەرێتەوە بۆ بیری ئازادیخوازانە لە سەدەی 16 لە ئەورووپا (.Onyinye Okafor, 2010 ). ئەو تیۆرە وا لە تاك دەروانێت کە کەسێکی خاوەن ئەقلە و بیروهۆشە و دەتوانێت بریار لەسەر پرسەکانی ناو کۆمەڵگە بدات بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێك و چاودێرێکی لەسەر بێت، پێویستە دەسەڵات و حکوومەت یارمەتیدەری تاك بن بۆ بریاردان و گەیشتن بە ئامانجە تاکە کەسیەکانی.

تیۆری لیبرالی دەستێکی باڵای هەبوو لە ئازاد کردنی ڕۆژنامەکان لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەت و دەوڵەت و بووە هۆی لابردنی زۆرێك لە کوتوبەندەکانی دەسەڵات کە سەپاندبوویان بەسەر ڕۆژنامەگەری، ئەمەش وایکرد کە زۆرێك لە وڵاتانی باکووری ئەورووپا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەدەی نۆزدە و تا نیوەی سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی بەرچاو فراوان ببن و جۆراو جۆریان پێوەدیار بێت، هەروەها بوونە سەکۆیەکی چالاك بۆ دروستکردنی بیرورا و گفتوگۆی لە نێوان سیاسیەکان و گواستنەوەی بۆ کۆمەڵگە کە ئەمەش لەبەرامبەردا بووە هۆی بەرەوپێشچوونی ئەو کۆمەڵگایانە (محمد العامرى، السعدى عبدالسلام، 2010: 20). بەگوێرەی ئەو تیۆرە پێویست ناکات

دەسەڵاتی جێبەجێکردن دامەزراوەی گەورە و بەرفراوانی هەبێت بۆ چاودێری کردن و بەهەدەر دانی پارە و دارایی زۆر بۆ ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەگەری، بەڵکو تەنها چەند دامەزراوەیەك پێویستە کە ئەرکی ڕاستکردنەوە و ڕێنویی کردنی بواری ڕۆژنامەگەری بێت .

ئەو تیۆرە لە زۆر لایەن بە خاڵی پۆزەتیف هەڵدەسنگێنرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی ڕەخنە زۆر بۆتەوە، بەهۆی ئەوەی ئازادییەکی تەواوی بۆ ڕۆژنامەنووسان بەرجەستەکردووە، لە چوارچێوەی ئەو تیۆرە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەندێکجار ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی کۆمەڵگە دەخەنە مەترسیەوە، هەروەها تێکەڵ بە ژیانی تایبەتی کەسانیتر دەبن و بابەتە بێماناکان هەندێکجار گەورە دەکەن لە پێناو بەبازارکردنی بەرهەمە میدیاییەکان لە پێناو بەدەست هێنانی قازانجی ماددی ( کمال الحاج، ٢٠٢٠: 181). بۆ نموونە هەر جۆرە کارێکی میدیایی بەگوێرەی ئەو تیۆرە سنورەکان دەبەزێنێت و کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر ئازادی تاکەکەسی و دەبێتە هۆی پێشێلکاری بەها وپێگەی تاکەکان و دەست لەکاروباری تایبەتیان دەدات، چونکە هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە و لە چوارچێوەی ئەو تیۆرەش دەزگا ڕاگەیاندنەکان ماف بەخۆیان دەدەن هەموو جۆرە کارێك ڕوماڵ بکەن تەنانەت ئەگەر کاری تایبەتی و کەسی هاووڵاتیان بێت، بۆیە ئەوەش لەوانەیە ببێتە هۆی ناسەقامگیری و لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە ئایا میدیا کاردەکات بەو مەرجەی کۆمەڵگا هۆشیار بکاتەوە و ئازادی ئاڵوگۆڕی زانیاری گەرەنتی بکات یان ببێتە هۆی ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا؟

بەهۆی ئەو ئازادییە بی بەربەستەی بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن درا بوو لە ئەوروپا و ئەمریکا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بارودۆخی ڕۆژنامەگەری گۆڕانکاری تەواوی بەسەردا هات لەو کاتدا و لە بیروباوەری لیبرالی لایدا و ئەو ئامانجانەی کە تیۆری لیبرالی و ئازادی ڕۆژنامەگەی هەیبوو بۆ خزمەتکردنی جەماوەر و کۆمەڵگە و بەرێوەبردنی کفتۆگۆیەکی ئازادانە و گۆاستنەوەی زانیارییەکان بۆ جەماوەر  لەدەستدا بەهۆی زۆری قۆرخکاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەلایەن کەرتی تایبەت و سەرمایەداران و بەکارهێنانی بۆ خزمەتکردنی بەرژوەندی تایبەتی خۆیان. تەنانەت ئەو کەسانەی بڕوای تەواویان بەو تیۆرە هەیە باس لەوە دەکەن کە ئەو کاتە دەتوانرێت ئازادی و سەربەخۆیی ڕۆژنامەگەری گەرەنتی بکرێت کە بیرۆکە و بڵاوکراوەکان دوور بن لە لایەك لە ژێر کۆنترۆلی سەرمەیەداری و لەلایەکیتر دووربن لە کۆنترۆڵ و دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات (محمد العامری، السعدی عبدالسلام، ٢٠١٠: ٢١).  تیۆری ئازادی لەسەر کۆمەلێك بنەمای سەرەکی بنیادنراوە کە کارو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیشەی ڕۆژنامەوانی لە چوارچێوەی ئەو بنەمایانە ڕێکخراون، ئەو بنەمایانە لەلایەن بیرمەندی سویدی دینیس ماکویل دانراوە. بنەما سەرەکیەکانی تیۆری ئازادی ڕۆژنامەوانی ئەمانەن(كمال الحاج، ٢٠٢٠: 181):

1. پێویستە بڵاوکراوەکان سەربەخۆ بن بەبێ هیچ بەربەستێك و چاودێریەك.
2. پێویستە مافی بڵاوکردنەوە بۆ هەموو تاکێك و گروپێك بەردەست بێت بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت .
3. نابێت ئەو کەسانە سزا بدرێن کە هێرش دەکانە سەر حکوومەت و سیاسیەکان لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانیان .
4. نابێت هیچ کەسێك و گروپێك ناچار بکرێن بە بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکێك کە ڕەزامەند نەبن لە بڵاوکردنەوەیان لە بڵاوکراوەکانیان .
5. لە بڵاوکردنەوەی بیرورا ڕاست و هەڵە بەرامبەر یەکن .
6. هەڵگرتنی هەموو بەربەستێك لەبەردەم کۆکردنەوەی زانیاری کاتێك بە شێوەیەکی یاسایی بێت .
7. نابێت بەربەست لەبەردەم بڵاوکردنەوە یان وەرگرتنی هیچ پەیامێك دابنرێت لە هەر شوێنێك و سنوورێك بێت .
8. پێویستە ڕۆژنامەنووسان تەواو ئازاد بن لە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و شوێنی کارەکانیان .

### سێیەم: تیۆری بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی
### (نظرية المسئولية الاجتماعية - Social Responsibility Theory)

دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کەوا ئەو تیۆرە وەك پێویستیەکی تازە هاتە کایەوە لە نێوان هەردوو تیۆری سەرەوە کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. لە دوای ئەوەی تیۆری ئازادی ڕۆژنامەوانی ڕەخنە و تێبینی زۆری لەسەر بوو سەرهەڵدانی ئەو تیۆرە پێویستێکی گرنگ بوو لە بواری ڕاگەیاندن، دوای جەنگی دووەم جیهان تیۆری بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەریهەڵدا و بنەمای سەرەکی ئەو تیۆرە ئەنجامدانی کاری میدیاییە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و ئازاد، بەڵام لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوارچێوەی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی (ليلي عبد المجيد، 2005: ٢٣). سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو تیۆرە بۆ ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەوانی دەگەڕێتەوە بۆ راپۆرتی لێژنەی هۆتشینز (Hutchins) کە لە ساڵی 1948 دەرچوو کە تێدا دانی بە شکستی بازاری ئازاد دا لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەی بۆ دابینکردنی ئازادی ڕۆژنامەوانیدا بوو لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگە( محمد عبد الحميد، 2004: 424).  ئەو تیۆرە لەسەر بنەمای ئازادی ڕاگەیاندن بە پابەندبوون بە بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی کاردەکات بۆیە کۆمەڵێك بنەما و یاسا سەریانهەڵدا کە وایانکرد ڕای گشتی چاودێرێك بێت بەسەر پیشەی ڕۆژنامەوانی ئەمەش لە دوای ئەوەی لە ژێر سایەی تیۆری ئازادی ڕۆژنامەوانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکارهێنران بۆ وورژاندنی هەندێ بابەتی هەستیار و تاوان لە ناو کۆمەڵگاکان لەلایەن چەند گروپێك و لایەنێك کە بووە هۆی شێواندنی ئازادی ڕاگەیاندن (د. راضية حميدة، 2022: 161). گرنگتیرین پاڵنەرەکانی سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی پێویستی بوونی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی و چەند یاسا و ڕێسایەکی پیشەیی بۆ کاری ڕۆژنامەوانی بەهۆی بڵاوکردنەوە و گرینگیدانی ڕاگەیاندن بە کۆمەڵێک بابەتی وورژێنەر دوور لە دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان لە سایەیی تیۆری ئازادی، هەروەها پێشێلکردنی پاراستنی نهێنی و تایبەتمەندی ژیانی تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵگە ( سالم محمد معوض،2020 :٩٧).

لەسەر بنەمای تیۆری بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت ئازاد بن کۆمەلێك ئەرك و بەرپرسیارەتییان لە ئەسۆیە بەرامبەر تاك و کۆمەڵگە کە پابەندبوون بەو ئەرك و بەرپرسیارەتییانە دەتوانرێت لە ڕێگەی دانانی کۆمەلێك بنەمایی کاری ڕاگەیاندن بێت کە ئەوانیش ڕاستگۆیی، بابەتیبوون، هاوسەنگی و ووردبینی ... هتد و کۆمەلێك یاسا و ڕێنمایی تایبەت بە پراکتیزەکردنی پیشەی ڕۆژنامەگەریی (علي عبد الفتاح،2014: 245). تێبینی ئەوە دەکرێت کە تیۆری بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی کۆمەلێك چارەسەری گونجاوی بۆ پیادەکردنی کاری ڕۆژنامەوانی پێشنیارکرد کە هۆکاربوون بۆ ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە ڕێگەی دەرکردنی پەیماننامەی شەرەفی پیشەیی بۆ پارێزگاری کردن لە ئازادی ڕۆژنامەوانی و دەرکردنی یاسا بۆ ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری و دامەزراندنی ئەنجوومەنی ڕۆژنامەوانی ( محمد العامرى، السعدى عبدالسلام،٢٠١٠ :24)

.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەبڕوای بیرمەندی سویدی (دینیس ماکوێل) تیۆری بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی بەرپرسیارەتیە، کە گرنگترینیان لەچەند خالێکی سەرەکی خۆیان دەبیننەوە کە ئەمانەن ( حنان علال، 2023 :١٨٥)

1. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێویستە بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە هەڵبگرن.
2. بۆ جێبەجێ کردنی بەرپرسیارەتییەکانی ڕاگەیاندن بەرامبەر بە کۆمەڵگە پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕێکخستی خودی بۆ پەیام و ناوەڕۆکەکانیان بکەن .
3. بەرپرسیارەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرامبەر بە کۆمەڵگە لە ڕێگەی پابەندبوونیان دەبێت بە چەند پێوەرێکی پیشەیی ڕۆژنامەوانی کە گرنیگترینیان راستی و دروستی بابەتەکان، ووردبینی، بابەتیبوون و هاوسەنگیە .
4. پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دوور بن لە بڵاوکردنەوەی هەر پەیامێك کە دەبێتە هۆی تاوان و توندوتیژی و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی.
5. پێویستە پەیامی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەمەچەشن بێت و ڕەنگدانەوەی بیروڕای جۆراوجۆر بێت.
6.

**چوارەم: تیۆری سۆڤیتی یان کۆمۆنیستی**

**( نظرية السوفيتية-Soviet Communist Theory)**

ئەو تێۆرە درێژکراوەی تیۆری دەسەلاتە، بە گوێرەی ئەو تیۆرە ڕاگەیاندن لەلایەن دەسەڵاتەوە خاوەنداریدەکرێت و وەك ئامرازێك بەکاردەهێنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەری کۆمۆنیستی لە ناو خەڵك بە جۆرێك کە ڕاگەیاندن بە ئاراستەکردن و ڕێنمایەکانی دەسەڵات و حزبی کۆمۆنیستی کاردەکەن و بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆلی بیروباوەری کۆمۆنیستین بەمەبەستی رۆشەنبیرکردن و کۆکردنەوەی جەماوەر بە دەوری حزبەکەیان (علي عبد الفتاح، ٢٠١٤: 246). دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تەواوی ئاراستەکراوە لە رووی ناوەرۆك و پەیامەوە لە پێناو دروست کردن ڕای گشتی و بەدەستهێنانی پاڵپشتی جەماوەر بۆ بیروباوەری مارکسی لە هەموو بوارەکان، لە چوارچێوەی ئەمەش دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان دەبێت پابەندبن بەو بیروباوەرانە و کارەکانیان لە سنووری ئایدۆلۆژیای مارکسی دەرنەچێت (اسماعيل حمدي محمد، 2019: 409-410).

بۆیە لە چوارچێوەی ئەو تیۆرە و لەو ڕوانگەوەیەوە لینین پسپۆڕیەتی و تایبەتمەندیەکان و ئامانجەکانی ڕاگەیاندن دیاری دەکات لەو تەوەرانەی خوارەوە (هشام رشدي، بدون سنة: 146):

1. ڕاگەیاندن دەبێت لە خزمەتی پرۆسەی سەرخستن و بەردەوامی سیستەم و فەرمانڕەوایی ئیشتراکی بێت بەتایبەتی لە خزمەت پارتی کۆمیۆنستی.
2. مافی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کەناڵەکان زیاتر فەراهام بکرێت بۆ ئەندامانی دڵسۆز و توندڕەوەی بیری کۆمیۆسنتی زیاتر لە ئەندامانی میانڕەو.
3. پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ژێر چاودێری و سانسۆری توند بێت.
4. پێویستە لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕوانگەیەکی تەواو پێشکەش بکەن لەسەر کۆمەڵگا و جیهان لە میانەی بنەماکانی کۆمیۆنیزم.
5. پارتی کۆمۆنیست وەك پارتێکی سیاسی مافی ئەوەی هەیە خاوەنداریەتی و کارگێری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بکات لە خزمەت کۆمیۆنیزم و هەرەوەزی.

**تەوەرەی دووەم: کاریگەریی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی یاسادانانی ڕاگەیاندن**

سروشتی یاسادانانی ڕاگەیاندن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە و ئەم جیاوازیانەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتدار و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان. یاساکانی ڕێکخستنی ڕاگەیاندن جیاوازن بە گوێرەی هەلومەرجە جیاوازەکانی سیستەمی سیاسی و ئەو تیۆرە میدیاییەی کە سیستەمی سیاسی پەسەندی کردووە ( جميلة الشربجي، ٢٠٢٢).

ئاستەنگی سیاسی بە ئاستەنگێکی سەرەکیی دادەنرێت لەبەردەم بە دەسەڵاتبوونی میدیا لە هەر وڵاتێك و کۆمەڵگەیەك ئەمەش لە میانەی ئەوەی پرسی سیاسەت ڕۆچووتە نێو تەواوی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و ڕەگەزێکی گرنگی هەموو بوارە جیاجیاکان پێکدەهێنێت، وەك فەلسەفەی حکومرانی و ئیدارە و سیستمی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتە(هێرش رەسول، 2013: 43). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سیستەمی سیاسی بە بنەما و ڕەگەزێکی گرنگی یاسادانان دادەنرێت و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت بەسەر سروشت و تایبەتمەندی بڕگە و ماددە یاساییەکان. بە شێوەیەکی سەرەکی دەتوانرێت بووترێت بەگوێرەی تایبەتمەندی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن دوو تیۆری سەرەکین

ئەوانیش: تیۆری دەسەڵات و تیۆری ئازادی، و لەبەر رۆشنایی ئەو تیۆرانە چەند تیۆریتر پەیدابوون ئەوانیش تیۆری سۆڤیەتی و تیۆری بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی.

سروشتی یاسادانان بە گوێرەی تیۆری دەسەڵات و سۆڤیەتی تا رادەیەك هاوشێوەن لەگەڵ بوونی جیاوازیەکی کەم، بەشێوەیەک دەشێ تیۆریی سۆڤیەتی بە درێژکراوەی تیۆری دەسەڵاتداریی دابنرێت (د.کارزان محەمەد،2011: ١٨٧)، یاساکانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی هەر یەك لەم تیۆرانە "چاودێری تووند و مۆڵەتی پێشوەخت و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت و داخستنی دەزگاکانی میدیایی و سانسۆرکردن و ڕێگە نەدان بە بڵاوکردنەوەی بابەتی تایبەت بە دەسەڵات و حزب و حکومەت تا سزادان بە پێ ژماردن و بەندکردن و هەندێکجار دەگاتە رادەی لەسێدارەدان" لە خۆدەگرێت .

بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندی یاساکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی تێۆرەکانی (دەسەڵات، سۆڤیەتی) خۆی لەچەند خاڵێکی هاوبەش دەبینێتەوە کە ئەمانە :

1. سنوردارکردنی پێدانی مۆڵەت، لە زۆربەی یاساکانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن لەبەر رۆشنایی ئەو تیۆرانە پێدانی مۆڵەت سنوردارکراوە لە ڕێگەی دانانی کۆمەلێك مەرج، بۆ نموونە لە سەدەی 16 سیستەمی دەسەڵاتداران مەرجی وەرگرتنی مۆڵەتی پێشوەختەیان دانابوو و لەهەمانکاتدا مۆڵەتیان تەنها بەو کەسانە دەدا کە بە تەواوی دڵسۆزن بۆ دەسەڵات، کەواتە خاوەنداریەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە هەڵدەبژێدرێن(د.مهدي زعموم، د.صورية زاوشي، 2019: 8). هەروەها لەلایەکیتر دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە سیستەمی مۆڵەت لە یاساکانی سیستەمی سیاسی سۆڤیەتی بە هەمان شێوەی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتداری سنووردارکراوە بە شێوەیەك کە تەنها بۆ حزبی شوعی کە حزبی دەسەڵاتن دەتوانن مۆڵەت وەربگرن و خاوەنداریەتی دەزگاکانی میدیا تەنها بۆ ئەوانە(د. نضال فلاح، د. مصطفي يوسف، د.علي فلاح، د.ماهر عودة، د. محمود عزت، 2016: 219). بە هەمان شێوە ئەو وڵاتانەی سیستەمی سیاسیان لەسەر بنەمای تیۆری پەرەپێدانە مۆڵەت پێدان و خاوەنداریەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان سنوردارکردووە بۆ حکومەت و ئەو حزبەی کە خاوەن دەسەڵات و حکومەتە(د. ليلي عبد المجيد، ٢٠٠٥: 30).

2.چاودێریکردن و سانسۆر، بە گوێرەی ئەو تیۆرانە چاودێریکردن و سانسۆرکردنی ڕاگەیاندن لەوپەری تووندی بوونە. سیستەمی سیاسی دەسەڵاتداری و سۆڤیەتی و پەرەپێدان ڕێکاری جۆراو جۆریان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرتبووەبەر بۆ چاودێریکردن و سانسۆرکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەك چاودێریکردنی راستەوخۆی چاپخانەکان پێش بڵاوکردنەوە، بە پێدانی مۆڵەت و ڕێگەگرتن لە کاری چاپکردن (حسن عماد مكاوي، 2003: 106). چاودێریی و سانسۆر بە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو تیۆرانە دادەنرێت، ڕۆژنامەگەریی دەبێت لەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی دەسەڵاتدا بێت... حکومەت چاودێریی ڕۆژنامە دەکات و سانسۆری بەسەردا دەسەپێنێت(کارزان محەمەد، ٢٠١١: 182-183). دامەزرێنەرانی تیۆری سۆڤیەتی پێیان وایە کە سانسۆر و چاودێریکردن و یاسایی چاپەمەنی گرنگن بۆ ڕێکخستنی میدیا، سانسۆر و یاسای چاپەمەنی دوو ئامرازن بۆ بەرزەفتکردنی بواری ڕۆژنامەگەریی و دروخستنەوەی لە خراپە(کارزان محەمەد، ٢٠١١: 187.).

بەشێك لە وڵاتانی جیهان لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات  و سۆڤیەتی بۆ چاودێریکردن و سانسۆرکردن و دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژنامەگەریی چەند یاسایەکی تایبەتیان دەرکردووە،  وەك یاسایی چاودێری (licensing of the press act) لەساڵی 1662 لە ئینگلتەرا لەلایەن دەسەڵات دەرکرا کە بە (Printing Act) ناسرابوو، ئەو یاساییە بۆ ئەوە دەرکرا تا چاودێری هەموو ئەو بابەتانە بکرێت کە بڵاودەکرێنەوە(Goff, Moira, 2007:2).  جگە لەو یاسایانەی کە تایبەت بوون بە سانسۆر و چاودێری، هەر لە ئینگلتەرا چەندین یاسایتر هەبوون لە سەدەی 17 کە بەهەمان شێوە لەسەر سیستەمی تیۆری دەسەڵات دانرابوون، حکومەتەکانی سیستەمی دەسەڵاتداریی هەمیشە بە دوای ئەوەدا دەگەران کە ئامرازێك بدۆزنەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆژنامەگەریی و یەکێك لەو ئامرازانە بریتیبوون لە شێوازەکانی فشاری دارایی کە لە ڕێگەی باج وەرگرتن بوو، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە ساڵانی 1712 و 1725 یاسای تایەت لە ئینگلتەرا دەربکرێن کە ناسراو بوون بە "یاسای مۆر"، ( Stamp Act)، ئەو یاساییانە بە یەکەمین یاسا دادەنرێن کە مەرجی پێدانی باجی لەسەر دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەگەریی داناوبوو، ئەمەش بۆ زیاتر دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژنامەگەریی و بێدەنگ کردنی دەنگە نارەزاکان(Goff, Moira, 2007:3)، هەروەها فەرەنسا بە هەمان شێوەی بارودۆخی ئینگلتەرا بوو کە چەند ڕێکارێکی یاسایی توند و پڕ گوشاری وەك مۆڵەت و چاودێریی هەبوون و لە ساڵی 1723 یاسایەکی گشتی دانرا بە ناوی یاسای (کتێبخانە و چاپخانە)،( code de librairie ) کە هەموو بەندەکانی کۆسپ و تەگەرەبوون لەبەردەم پرۆسەی چاپ وبڵاوکردنەوە، هەروەها ئەم یاساییە بەربەستێکی توند وزۆری لەبەردەم چالاکییەکانی ڕۆژنامەگەریی دانابوو، جگە لەمەش کۆمەڵێك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سزای قورسی تێدا بوو، بۆ نموونە لە سێدارەدانی هەر کەسێك بابەتێك بڵاوبکاتەوە کە ببێتە هۆی "وورژاندنی بیروعەقل"، ئەو دەستەواژەیە دەستەواژەیەکی زۆر فراوان و لاستیکی بوو کە دەتوانرا زۆر بابەت لەو چوارچێوەیە بنرێت(بن دالي فلة، 2013: 12). لەو وڵاتانەی کە سیستەمی سیاسیان سیستەمی سۆڤیەتی بوو بە هەمان شێوەی سیستەمی دەسەڵاتداری کۆمەڵێك یاسا و رێسا و مەرسومیان دەرکردبوو لە پێناو دەست بەسەر داگرتنی رۆژنامەگەریی و کۆنترۆڵکردنیان. هەروەها لە ئینگلتەرا داگای تایبەت بە پاشاکان و چەندین یاسایتر هەبوو کە بۆ سانسۆر و چاودێریکردنی چڕ و تووندی ڕۆژنامەگەریی دانرابوون. بەهەمان شێوە وڵاتانی تازە پێگەیشتووش کۆمەلێك یاسا و رێسای تووندیان هەبوو بۆ چاودێریکردنی رۆژنامەگەری. ئەو جۆرە مۆدێلەی یاسادانانی بواری ڕاگەیاندن تا سەردەمی ئێستا لە بەشێك لە وڵاتانی جیهان بەردەوامە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەت لە هەندێك وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات.

لەگەڵ پەیدابوونی تیۆری لیبراڵی- ئازادی بارودۆخی رۆژنامەگەریی لە بەشێك لە وڵاتانی جیهان گۆرانکاری تەواوی بە خۆیەوە بینی و هاوکێشەکان تەواو پێچەوانە بوونەوە بە جۆرێك کە یاساکانی تایبەت بە بواری رۆژنامەگەریی سەردەمی دەسەڵاتداری هەڵوەشێنرانەوە و کۆمەلێك یاسایی تایبەت بە ئازادی رۆژنامەگەریی و ئازادی رادەربرین سەریانهەڵدا، هەروەها هەموو جۆرە سانسۆرێك و چاودێرێك لەسەر رۆژنامە و بڵاوکراوەکان و چاپەمەنییەکان هەڵگیران. لە سەردەمی سیستەمی تیۆری لیبراڵی یاساکانی تایبەت بە ڕاگەیاندن بە جۆرێك بوون کە پانتاییەکی فراوان لە ئازادییان بە ڕۆژنامەگەری دابوو. مێژووی ئازادی ڕۆژنامەگەریی لە ئینگتەرا تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە شورش و خەبات دژی سەرکوتکردنی دەوڵەت، لە هەنگاوە گرنگەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەریی لە ژێر کۆنترۆڵی سیستەمی دەسەڵاتداریی بریتیبوون لە هەڵوەشاندنەوە و کۆتایی پێهێنانی یاسای مۆڵەتی ڕۆژنامەگەریی (press licensing) لە ساڵی (1694)، هەروەها یاسای (Foxs Libel Act) لە ساڵی (1792)، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی تایبەت بوون بە باج و هەڵگرتنی باج لەسەر ڕۆژنامەگەریی لە ساڵانی (1853-1861) (Curran, J., & Seaton, J., 2010:1). دوای شورشی فەرەنسا لە ساڵی (1٧89)، و ڕاگەیاندنی ئازادی هەموو سانسۆرێك و چاودێریەك لەسەر ڕۆژنامەگەریی و ئازادی دەربڕینی بیرورڕا لابردرا و یەکێك لە ئامانجەکانی شورش ئەوە بوو کە هەموو هاوڵاتییەك ئازادە و مافی گەرەنتیکراوە لە دەربڕینی بیروڕای و چاپکردنی ڕۆژنامەگەریی بەبێ

ئەوەی هیچ کۆتوبەندێکی بەسەردا بسەپێنرێت، جگە لەو بابەتانەی لە یاسایی گشتیدا هاتوون(حسن عماد مكاوي ،2003 ص 66). بەدیاریکراوی سەردەمی ئازادی رۆژنامەگەریی دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی کۆتایی سەدەی 19، لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری سێیەمی فەرەنسا و پەسەندکردنی یاسای ئازادی رۆژنامەگەریی (Press Freedom Act)ی ساڵی (1881)، کە ئامانجی سەرەکەی دەرکردنی ئەو یاساییە بریتی بوو لە دیاریکردنی ئازادی رۆژنامەگەریی و بەرپرسیارەتیەکانیان. ئەو یاساییەی فەرەنسا بە هەنگاوێکی گرنگی ئازادی رۆژنامەوانی و دەرکردنی ئەو یاساییانەی کە کۆت و بەند و سانسۆری تووند ناخەنە سەر رۆژنامەگەریی(بن دالي فلة، مصدر السابق، ص 12)، هەروەها لە دوای شورشی ڕزگاریخوازی لە ئەمریکا، بڕیاردرا دەستوور دەربکرێت و ئاماژە بە ئەوە کرا کە هەموو کەسێك ئازادە لە دەربرینی بیروڕای خۆی جا بە هەر شێوەیەك بێت بە شێوەی زارەکی بێت یان چاپکراو یاخود هەر شێوەیەکیتر بێت(منال كبور، 2020، ص 68)، هەروەها لە دەستوری ئەمریکادا هاتووە بە هەموو شێوەیەك دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئازادی رۆژنامەگەریی قەدەغەیە و رێگریش لە کۆنگریس کراوە بۆ دەرکردنی هەر یاسایەك کە ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەوانی کۆت و بەند بکات (د.نەزاکەت حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧). لە ڕوانگەی ئەو راستییە مێژوویانە دەردەکەوێت کە یاسادانانی بواری ڕاگەیاندن و مەودای ئازادی بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیایی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن و هزی سیاسی بووە و بە گوێرەی گۆرانکارییە سیاسییەکان و سیستەمەکانی حکومرانی مادده و برگە یاساییەکان گۆرانکاریان بەسەرهاتووە.

شێوازی یاسادانانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوەی وڵاتانی جیهان بە چەند قۆناغێك تێپەریووە و گۆرانکاری بەسەردا هاتووە بە گوێرەی گۆرانکارییە سیاسییەکان و سیستەمی حکومرانی. لە پێش راپەرینە مەزنەکەی ساڵی 1991 میدیایی کوردی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعس بوو کە بە تەواوی لە ژێر سانسۆر و چاودێری چری سیستەمی دەسەڵاتداری بوو، لە دوای ڕاپەرین و دەرکردنی یەکەم یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان تا رادەیەك لە ژێر کاریگەری یاسای سەردەمی بەعس بووە. "رۆژنامەنووسیی کوردیی پاش راپەڕرین، کەوا یەکێك لە سەرچاوەکانی هاتنەکایەو سەرپێکەوتن و گەشەکردنی، ئەو مۆدێلەی رۆژنامەنووسیی ژێر سایەی حکومەتی عێراق و ئەو بارە میدیاییە بوە، هەربۆیە ئەو یاسایەی لەسەردەمی دوای ئازادکردنی بەشێك لە خاکی کوردستانی بندەستی عێراق، لەلاییەن یەکەمین پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردییەوە، بۆ

ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی پەسەندکرا (یاسای چاپەمەنیی ژمارە 10ی ساڵی 1993ی هەرێمی کوردستانی عێراق) هەر لە بەر ڕۆشنایی (یاسای چاپەمەنیی عێراق ژمارە 206ی ساڵی 1968) گەڵاڵەکراوە، چونکە سیستەمی دادگا و یاسایی هەرێمی کوردستان لە زۆر ڕووەوە درێژکراوەی هەمان سیستەمی بەعس بووە"( د.هێرش ڕەسول، ل ١٣٧-١٣٨). دەتوانرێت بوترێت کە سیستەمی یاسادانان لەو کات لە هەرێمی کوردستان تارادەیەك لە ژێر سایەیی تیۆری دەسەڵاتداریی بووە، بەڵام هەرێمی کوردستان لە رووی یاسادانانی بواری ڕاگەیاندن جارێکیتر هەنگاوی نا بەرەو قۆناغێکیتر لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (35)ی ساڵی (2007)، بە گوێرەی بیروڕای شارەزایان لەو قۆناغە یاسادانان لە بواری ڕاگەیاندن هەنگاوی بەرەوە ئاراستەی سیستەمی تیۆری بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی ناوە. "لە هەرێمی کوردستان دوای دەرچوونی یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007) کە تێدا کار بە مۆڵەتی پاشوەخت کراوە، کۆمەڵێك ئازادیی زۆری بە بواری ڕۆژنامەگەریی بەخشیوە کە دەشێ بڵێین هەنگاوێکی گرنگە بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیانە"( کارزان محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦-١٨٧). بە ووردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی دۆخی میدیا و ڕۆژنامەگەریی لە چوارچێوەی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی سیاسی،

**دەرئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

1. یاساکانی ڕێکخستنی میدیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیایی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن و هزری سیاسین، بەو مانایەی کە یاسادانانی تایبەت بە میدیا بە ئاراستەی سیستەمی سیاسی و حکومرانی دەبێت.
2. تیۆرەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەریی کە لە چوارچێوەی یاساییەکی تایبەت بە ڕاگەیاندن کە لەلایەن دەسەڵات و حکومەتەکان دەرکراون بە مەبەستی ڕێکخستنی میدیا.
3. تیۆرەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر پرۆسەی ڕێکخستنی میدیا لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە لە شێوازی دەرکردنی بڵاوکراوەکان و دامەزراندنی دامەزراوە میدیاییەکان تا شێوازی ئامادەکردنی پەیام و پرۆگرامە میدیاییەکان و بڵاوکردنەوەیان.

## سەرچاوەکان:

### بە زمانی کوردی:

1. کارزان محەمەد، 2011، سانسۆری رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستاندا (٢٠٠٠-٢٠٠٩)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
2. نەزاکەت حسین، 2019، مۆدێلەکانی میدیا،ناوەندی ڕۆشنبیریی سارا، سلێمانی.
3. هێرش رەسول، 2013، ئیتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
4. هێرش رەسول، 2009، ئازادی رادەربڕین لە رۆژنامەگەریی کوردیدا(١٩٩٣-٢٠٠٧)، سلێمانی.

### بە زمانی عەرەبی:

1. اسماعيل حمدي محمد، 2019، الصحافة السياسية، دار غيداء للنشر و التوزيع، الطبعة الاولي، عمان، الاردن، 2019، ص 409-410.
2. بن دالي فلة، ٢٠١٣، التنظيم القانوني للمهنة الصحفية في الجزائر، دراسة وصفية تحليلية لحقوق وواجبات الصحفي في مرحلة التعددية، جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسية والإعلام، قسم علوم الإعلام والاتصال، الجزائر.
3. بشـــرى مداسي،2011، الحق في الإعلام من خلال القوانين والنصوص التنظيمية للمؤسسات الإعلامية في الجزائر- السمعية البصرية، الصحافة المكتوبة، وكالة الأنباء، مذكرة لنيل شهادة الماجستير في علوم الإعلام و الاتصال، كـليـة العلـوم السياسية والإعـلام، قسـم علـوم الإعـلام والاتصـال، الجزائر.
4. جميلة الشربجي،٢٠٢٢، التشريعات الاعلامية.
https://arab-ency.com.sy/law/details/26120/2
5. جمال قوعيش، 2014، مقاربات الاعلام المعاصرة – قراءة الاسس و المنطلقات، مجلة العلوم االجتماعية، العدد 6، الجزائر.
6. حسن عماد مكاوي، ٢٠٠٣، أخلاقيات العمل إلعالمي، القاهرة: الدار المصرية اللبنانية.
7. حنان علال،٢٠٢٣، أخلاقيات التدوين عبر الفيسبوك لدي الصحافيين الجزائريين و التونسيين: دراسة ميدانية، ألفا للوثائق للنشر و التوزيع، الاردن.

8. حسن عماد مكاوي، ٢٠٠٣، أخلاقيات العمل الاعلامي: دراسة مقارنة، ط3، دار المصرية اللبنانية، القاهرة، مصر.
9. راضية حميدة، ٢٠٢٢، الاعلام و الاتصال – المفاهيم الأساسية و الاشكاليات الحديثة، ألفا للوثائق للنشر و التوزيع، الأردن.
10. زهير احدادن، ٢٠٢٣، مدخل لعلوم الاعلام و الاتصال، ط5، ديوان المطبوعات الجامعية.
11. سالم محمد معوض، ٢٠٢٠، الصحافة الاعلامية و تقنياتها الاتصالية، الطبعة الأولي، دار غيداء للنشر و التوزيع، عمان، الأردن.
12. سامي علي مهني، ٢٠٢٠، الممارسة الصحفية في الجزائر في ظل التشريعات الاعلامية الجديدة، جامعة محمد خيضر-بسكرة- كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، الجزائر.
13. صالحي عبد الرحمان، ٢٠٢٠، علاقة السلطة بالصحافة في الجزائر"أي مستقبل لحرية الاعلام" قراءة علي ضوء المكتسبات الاعلامية الجديدة، مجلة الباحث في العلوم الانسانية و الاجتماعية، المجلد 12(04)، ص 339-356.
14. علي عبد الفتاح، ٢٠١٤، الاعلام و الدبلوماسي و السياسي، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان، الأردن.
15. عبد النبي عبدلله الطيب، ٢٠١٤، فلسفة و نظريات الاعلام، الدار العالمية، القاهرة، مصر.
16. كمال الحاج، ٢٠١٠، نظريات الاعلام و الاتصال، الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.
17. عبد الرحمان عزي، ٢٠١٠، دعوة إلى فهم علم الاجتماع الإعلامي ، الدار المتوسطية للنشر ، تونس.
18. عبير سعد الدين، ٢٠١٥، أخلاقيات الاعلام، دار ومكتبة الكندي للنشر و التوزيع، عمان.
19. فتحية الخير، ٢٠١٦، التشريعات الإعلامية في النظام الصحفي الليبي خلال الفترة من 1969 حتى 2011وإشكالية الحرية، المجلة العلمية لبحوث الصحافة – العدد 8، ليبيا.
20. ليلي عبد المجيد، ٢٠٠٥، التشريعات الاعلامية، ط2، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، القاهرة.
21. منال كبور، ٢٠٢٠، نظرية الحرية؛ حرية للاعلام أو للتعبير؟، المجلة الدولية للاتصال الاجتماعي، العدد 1، جامعة عبد الحميد بن باديس، الجزائر.
22. محمد المصالحة، ٢٠٠٢، الاتصال السياسي مقترب نظري – تطبيقي، الدار العربية للنشر والتوزيع.
23. محمد العامرى، السعدى عبدالسلام، ٢٠١٠، الإعلام والديمقراطية في الوطن العربي، العربي للنشر والتوزيع .

24. محمد عبد الحميد، ٢٠٠٤، نظريات الاعلام و اتجاهات التأثير، عالم الكتب.
25. مهدي زعموم، د.صورية زاوشي، ٢٠١٩، فلسفة الضبط الإعلامي بين الهندسة السياسية والتشريعات القانونية، المجلة الجزائرية للاتصال، العدد 2، الجزائر.
26. محمود عياد، ٢٠٢٠، التشريعات الاعلامية، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر.
27. نضال فلاح، مصطفي يوسف، علي فلاح، ماهر عودة، محمود عزت، ٢٠١٦، نظريات الاتصال و الاعلام الجماهيري، دار الاعصار العلمي، عمان، الأردن.
28. هشام رشدي، نظريات الاعلام، جامعة المنوفية، كلية التربية النوعية، مصر.

**به زمانی ئینگلیزی:**

29. Alexander G. Flor, 2007, Development Communication Praxis, Office of Academic Support and Instructional Services, UP Open University, Philippines.
30. Baran, S.J. and Davis, D.K. ,2003, Mass Communication Theory: Foundation, Ferment, and Future. Thomson Learning Academic Resource Center, Canada.
31. Curran, J., & Seaton, J., 2010, Power without responsibility: Press, broadcasting and the internet in Britain (7th ed.). London.
32. Goff, Moira, 2007, “Early English Newspapers and the Law.” 17th and 18th Century Burney Newspapers Collection. Detroit: Gale
33. McQuail, D., 2010, McQuail’s mass communication theory (6th ed.). London: Sage.
34. Ogbebor, Binakuromo, 2020, British media coverage of the press reform debate: journalists reporting journalism. Springer Nature, Switzerland.
35. Official Definition Of Impact ByThe European Commission, Last modified on 21th January 2020 ,available on: What Is Impact? Official Definitions Of Impact And Its Characteristics (youmatter.world).
36. Oduol, Ute A, 2013, Communication theory, School of Communication, Languages and Performing Arts, Daystar University.
37. Onyinye Okafor, 2010, Libertarian theory: a contemporary review, A Postgraduate Seminar paper presented to the Department of Mass Communication, Faculty of Social Sciences, Nnamdi Azikwe University,Awka-Nigeria. Avaliable at https://www.academia.edu
38. Schejter,A. & S.Han, 2011, Regulating the media: Four perspective, in:D.Lwvi-Faur (ed.) Politics of regulation Handbook, Edward Elgar, London.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The impact of media theories on the legal regulation of the press
## A theoretical study

**Sakar Rostam Hussein**
Department of media, college of art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: sakarrostam1@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Saman Jalal Mawlood**
Department of media, college of art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: dr.samanjalal@gmail.com

***Keywords:*** *Impact, Media theories, press regulation, media law, lagal regulation*

## Abstract
This research is an academic effort to present the impact of media theories on the press legal regulation process under the title "The impact of media theories on press legal regulation". It is theoretical research that addresses the procedures of press regulation within the framework of media theories, which are directly influenced by the political system.

This research aims to present the forms and procedures of press legal regulation according to media theories, and how each theory has an impact and role in directing and choosing the methods and procedures of legal regulation of the press by authorities and governments according to the differences in the political system followed in the country. The most important conclusions reached by the researcher are that media theories are strongly and directly related to the regulating of the press in societies, and on the other hand, they are directly related to the level of control of the media by desion makers and the state or governments. The characteristics of these theories are reflected in media legislations.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تأثير النظريات الاعلامية في التنظيم القانوني للصحافة
# (بحث نظري)

**ملخص:**

يعد هذا الدراسة محاولة علمية و اكاديمية لبحث و عرض تأثير النظريات الاعلامية في عملية تنظيم الصحافة بعنوان " تأثير النظريات الاعلامية في التنظيم القانوني للصحافة". دراسة نظرية تتناول أليات التنظيم الصحافة في اطار النظريات الاعلامية، حيث تحت تاثير النظم السياسية بشكل مباشر.

الهدف من هذه الدراسة، عرض اساليب و اليات التنظيم الصحافة وفقا لنظريات الاعلامية لبيان كيفية مدى تاثير و فعالية النظريات الاعلامية في توجيه و اختيار اساليب و أشكال اليات التنظيم القانوني لصحافة من قبل السلطة او الحكومة حسب الاختلاف و التنوع النظم السياسية المتبعة في الدولة.

ومن أهم الاستنتاجات التي توصل إليها الباحث في بحثه هي؛ ان هناك علاقة مباشرة بين النظريات الاعلامية و التنظيم الصحافة في المجتمع، و ايضا هناك علاقة مباشرة بمدى سيطرة على وسائل الاعلام من قبل الطبقة السياسية و الحاكمة اي من قبل صناع القرار، و تنعكس خصائص هذه النظريات في القوانين و التشريعات الاعلامية.